# هەواڵی ڕۆژنامەوانی

**لە هەولێر، لە بەرواری 15 ی نیسانی 2019، ڕێکخراوی یونسکۆ بە پشتگیری یەکێتی ئەوروپا و بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان، هەردوو دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامەییەکانیان وەشاند کە حەوت کەرتی ئابوری و کەرتی نافەرمی دەگرێتەوە. ئەم ڕاپۆرتە پشت بە رووپێویێك دەبەستێ کە دەزگای ناوەندی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 بۆ 7 کەرتی ئابوری لەکەرتی تایبەت ئەنجامیان داوە لەگەڵ هەندێ گفتوگۆی گروپی جەختکردنەوە کە لەگەڵ وەزارەت و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دراون.**

جوتە ئامانجی ڕاپۆرتەکان ئەوەن کە، یەکەمیان، ڕێنوێنیکردنی سیاسەتی فێربون و ئەولەویاتەکانە لە هەردوو ئاستی ئامادەیی و زانکۆیی، بەتایبەت پەرەپێدان بە مەنهەجی خوێندنی پشت بەستو بە لێهاتوویی لە فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی (TVET) و پەرەدان بە ڕاهێنان و هەلی فێربون بۆ کەسانی ناکارامە و / یان کەسانی بێکار (بە جەختکردنەوە لەسەر ئافرەتان و گەنجان) بۆ ئەوەی بگەنە بازاڕی کار و بەشداری لە چالاکی ئابوری فەرمی و نافەرمیدا بکەن و، دووەمیان، تواناسازی بۆ خاوەن بەژەوەندی بۆ ئەوەی بتوانن ڕاپرسی بۆ بزنەسەکان بکەن و داواکارییەکانی خاوەنکار شی بکەنەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەن چۆن پارەدارکردن بە باشترین شێوە بەکار بهێنن و بۆ باشتر هێنانەدی خواستەکانی بازاڕی کار دابینکردنی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی پەیوەندیدار بکەنە ئامانج.

بەڕاوێژکردن لەگەڵ کەسانی خاوەن بەرژەوەندی لە پرۆژەکە، حەوت کەرتی ئابوری دەسنیشان کراون و پشت بە شیمانەی گەشەسەندن و کەرتەکان بەستراوە کە ڕێخۆشکەری کاری گەنجان و کاری شیاو و دەسپێشخەری کار بن. ئەمەش کەرتەکانی بازرگانی، بیناکردن، میوانداری، تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندیگرتن (ICT)، پیشەسازی، گواستنەوە و ئەمبارکردن، بازرگانی کۆ و تاك دەگرێتەوە، لە پارێزگاکانی بەغدا و بەسرا و دیالە و هەولێر و کەرکوك و نەجەف و سلێمانی و واست.

لە وتەی دەسپێکی بۆنەی کردنەوەکەدا، **دکتۆر عەلی سندی** وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی بۆ ئابوری هەرێمی کوردستانی عێراق گرنگە کە چاکسازی لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکاندا بکرێ کە لە ڕێگەی ئەنجامدانی گۆڕانکاری پیویست لە فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی،

بە ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی کەرتەکە لە کارامەیی و ئەزموندا، ڕێگە بە گەشەسەندنێکی تەندروستانە لە کەرتی تایبەت بدا.

هەروەها **بەڕێوەبەری پرۆژەی چاکسازیی خوێندن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی، رۆری رۆبێرتشاو**، گوتی کە "هیوا لەم راپۆرتانە ئەوەیە کە زانیارییە بنەڕەتییەکان لەمەڕ خواست و خستنەڕوی کارامەییەکان لە بازاڕی کاردا بەهێز بکەن لە پێناوی باشتر و چالاکانەتر تێگەیاندنی هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان لە فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەییدا، بە کەرتی تایبەتیشەوە، بۆ ئەوەی هەنگاوی گونجاوی دیکە بگرنەبەر لە چاککردنی سیستمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی – ئەمەش کارێکی زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنی ئابوری وڵات لەم قۆناغە ناسکەدا".

هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکردنەوەی کارامەییەکان بە یەکێ لە پێکهاتە گرنگەکانی پرۆژەی فراوانی چاککردنی سیستمی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی دادەنرێ، کە یەکێتی ئەوروپا بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەدارکرا. ئامانجەکانی پرۆژەکە ئەوەیە کە سەراپای سیستمی بەڕێوەبردنی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی چاکتر بکا لەڕێگەی مەنهەجی نوێی خوێندنەوە کە خواست پاڵنەری بێ، وێڕای تواناسازی بۆ خاوەن بەرژەوەندییەکانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی و ڕێچکەی دەرچووانی فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی لە بازاڕی کاردا.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە:
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
هەولێر، هەرێمی کوردستان
تەلەفۆن: 00964662559170
ئیمێل: contact@krso.gov.krd
ماڵپەڕ: www.krso.gov.krd
زنجیرە 87